# هەگبەکەی هاکان فیدان چیی تێدا بوو بۆ هەرێمی کوردستان؟

**موەفەق عادل عومەر،** دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی-زانکۆی سەڵاحەددین

قەوارەی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا ڕووبەڕووی چەندان گرفتی جددی بووەوە، تەنانەت مەترسیی لەناوچوونیشی لە نێوان ئەگەرەکاندا بوو؛ چونکە گوشارێکی بێوێنە خرایە سەر ئەم قەوارەیە لە ڕووی ئەمنی، ئابووری، بازرگانی و یاساییەوە لەلایەن هێزە سیاسییە جیاجیاکانی عێراقەوە. ئەم گوشارە تا ئێستایش بەردەوامە. جگە لەمە کێشە ناوخۆییەکانی لایەنە سیاسییەکانی هەرێم گەیشتۆتە لووتکە، کە ئەمەیش وای کردووە دەنگ و هێز و سەنگی کورد لە بەغدا زۆر لاواز بێت و، ئەمەیش بۆ ئەم قۆناغە بە نەرێنی کاریگەریی کردۆتە سەر پێگەی هەرێم لە بەغدا. لەگەڵ گشت ئەم ڕووداو و پێشهاتە نەرێنییانە کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە، بەڵام هێشتا هەوڵەکانی بەرپرسانی هەرێم بەردەوامە بۆ پاراستنی قەوارە دەستوورییەکەی هەرێم.

لەم چوارچێوەیەدا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیهاندا یارمەتیدەرێکی باشن بۆ هێشتنەوەی قەوارەی هەرێم و پتەوترکردنی پێگە نێودەوڵەتییەکەی لەسەر ئاستی جیهاندا. بۆیە سەردانە فەرمییەکانی بەرپرسە باڵاکانی وڵاتانی جیهان بۆ پایتەختی هەرێمی کوردستان، خاڵێکی باش و بەهێزە بۆ ئەوەی وەکوو ئەکتەرێکی نادەوڵەتیی بەهێز بمێنێتەوە. لەنێو ئەو وڵاتانەی کە هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی باشی لەگەڵدا هەیە کە ڕۆڵ و پێگەی تایبەتی هەیە لە ناوچەکەدا، تورکیایە.

تورکیا لە ڕووی ئابووری و بازرگانی و وزە و تەنانەت لە ڕووی ئەمنییشەوە، بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە. بۆیە لە کات و ساتێکی وەکوو ئەمەی ئێستا، پەرەدان بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا زۆر گرنگە، بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان. لەم چوارچێوەیەدا شەوی (23/8/2023) "هاکان فیدان"، وەزیری دەرەوەی تورکیا، بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە هەولێر. ئەم سەردانەی "فیدان" زۆر جیاوازترە لە سەردانی و هەمیش لەبەر ئەو قۆناغەی کە ئێستا هەرێمیبەرپرسانی پێشووتر؛ هەم لە ڕووی کات و ساتەکەیەوە کوردستانی تێدایە. بۆیە لە سەروبەندی ئەم سەردانە ئەم پرسیارەمان بۆ دروست دەبێت: "**فیدان چیی پێ بوو بۆ هەرێمی کوردستان؟**" بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەکرێ ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

1. فیدان بە حوکمی ئەوەی بەوردی شارەزاییەکی باشی هەیە لەسەر دۆسیەی عێراق و هەرێمی کوردستان، بۆیە دەتوانین بڵێین لە مێژووی ژیانی سیاسیی تورکیادا، تاکە وەزیری دەرەوەی تورکیایە کە توانیویەتی هاوکێشە سیاسییە عێراقییەکە بەباشی بخوێنێتەوە و شییان بکاتەوە. بێ گومان ئەوەیش بە هۆکاری ئەوەیە کە "فیدان" نزیکەی سێزدە ساڵ سەرۆکی دەزگەی هەواڵگریی تورکیا (Milli İstihbarat Teşkilatı – MİT) و بووە و چەندان جاریش بەئاشکرا و

بەهێنی سەردانی عێراقی کردووە. لەبەر ئەم هۆکارەیە "فیدان" لەگەڵ سەرجەم ئەو لایەنانە کۆ بووەوە کە پێگە و قورساییەکی بەرچاویان لە ژیانی سیاسیی عێراقیدا هەیە. کەواتە پەیامی یەکەمی "فیدان" بۆ عێراق و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراقی ئەوەیە کەوا **"ئەنقەرە لە دژی هەرێمی کوردستان پەرە بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا نادات."**

2. **"پشتیوانی لە سەقامگیریی پایتەختی هەرێمی کوردستان دەکەین"**[1] پەیامێکی دیکەی گرنگی سەردانەکەی فیدان بوو. ئەم پەیامە زیاتر بە واتای ئەوە دێت کە قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەنقەرەوە پشتگیریی لێ کراوە. لانی کەم لە قۆناغی ئێستادا ئەنقەرە نایەوێت بە هیچ شێوەیەك زیان بە قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان بگات.

3. لەگەڵ گەیشتنی "فیدان" بۆ هەولێر و دەستپێکردنی چاوپێکەوتنە فەرمییەکانی لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان، "ئەلپئارسلان بایراکتار"، وەزیری وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی تورکیا، بە سەردانێکی فەرمی و لەناکاو گەیشتە هەولێر[2]. ئامانجی ئەم سەردانە گفتوگۆکردن بوو لەبارەی وزە. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا پەیامێکی دیکەی ڕاستەوخۆ بوو بۆ ئەو لایەنانەی، کەوا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە هەرێمی کوردستان لە نەخشەی وزە سڕاوەتەوە و هیچ بایەخێکی نەماوە، چونکە ئەم سەردانە بە واتای ئەوە دێت کە هێشتا هەرێمی کوردستان لانی کەم بۆ وڵاتێکی گرنگی ناوچەکە- کە تورکیایە- گرنگە و، ئەنقەرە ئامادەیە لەسەر ئاستی بەرز، لە کەرتی وزە پەرە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێم بدات. بێ گومان هەرچەندە دەبوایە حکوومەتی عێراق کاتێ کە "حەییان عەبدولغەنی"، یاریدەدەری سەرۆکوەزیران بۆ کاروباری وزە و وەزیری نەوتی عێراق، سەردانی ئەنقەرەی کرد، نوێنەری هەرێمیشی لەگەڵ خۆیدا ببات، بەڵام وا دیارە ئەوەی بەغدا نەیکرد، تورکیا بەفەرمی و ڕاستەوخۆ و لەسەر ئاستێکی بەرزتردا کردی. هاتنی "بایراکتار" لەگەڵ "فیدان" بۆ هەولێر، خۆی لە خۆیدا بریتی بوو لە گەیاندنی پەیامی **"ئەنقەرە لە بواری وزە و نەوت و غازدا، نایەوێت هەرێمی کوردستان پەراوێز بخرێت"** بە بەرپرسانی عێراق.

4. مین کابینەی حکوومی لە دوایتورکیا، بەتایبەت دوای ڕاگەیاندنی شەست و حەفتە هەڵبژاردنەکانی 14ی مایس، بەنیازە گۆڕانکارییەکی فراوان ئەنجام بدات لە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەت وڵاتانی کەنداو. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، تورکیا پێویستیی بە هەرێمی کوردستان دەبێت. **واتا دەکرێ هەرێمی کوردستان ببێتە پردێك بۆ گەیشتن بە وڵاتانی وەکوو عەرەبستانی سعوودی و کوێت و وڵاتانی دیکەی کەنداو**. لەم ڕووەیشەوە سەردانەکەی فیدان بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە.

5. **"نێچیرڤان بارزانی"**، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمدا، ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگی هەیە؛ بەتایبەت لە پێشخستنی پەیوەندییەکانی هەرێم و تورکیادا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. لە سەردانی ئەم جارەی "فیدان" بۆ هەولێر، پەیوەندیی هەولێر و ئەنقەرە بەچڕی باسی بکەین **کە سەردانەکەی "فیدان" تایبەتتر بووە** بۆلێوە کرا. بۆیە دەتوانین بانگەشەی ئەوە **پاڵپشتیکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان** وەك لایەنێکی سیاسیی گرنگی عێراق.

6. دەروازەی سنووریی "ئیبراهیم خەلیل" کە دەروازەیەکی گرنگە و لە ڕووی بازرگانییەوە تورکیا بە عێراق دەبەستێتەوە، ساڵانە لە ڕێگەی ئەم دەروازەیەوە بە ملیاران دۆلاری ئەمریکی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی تیایدا ئەنجام دەدرێت. "ئیبراهیم خەلیل" هەم بۆ هەرێمی کوردستان و هەمیش بۆ تورکیا لە ڕووی ئابووری و بازرگانییەوە زۆر گرنگە. پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە، یارمەتیدەر دەبێت بۆ زیاتر پەرەدان بە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان تورکیا و عێراق،

بەتایبەت لە ڕێگەی ئەم دەروازەیەوە؛ چونکە بەشێکی زۆری ئەم ئاڵوگۆڕە بازرگانییە لە ڕێگەی "ئیبراهیم خەلیلە"وە بۆ شارەکانی دیکەی عێراق دەنێردرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە، چاوەڕوان دەکرێت لە ڕۆژانی داهاتوودا وەزیری بازرگانیی تورکیا سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستان بکات. سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی وەزیری بازرگانیی تورکیا بە مەبەستی پتەوترکردنی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانییە لە نێوان هەردوو وڵات. "فیدان"یش لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی کە لەگەڵ "فوئاد حوسێن"، جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری دەرەوەی عێراق بەستی، ڕای گەیاند کە قەوارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان عێراق و تورکیا گەیشتۆتە نزیکەی (25) ملیار دۆلاری ئەمریکی[3]. بۆیە "فیدان" لە سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان پەیامی "**فراوانترکردنی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان**"ی گەیاندە بەرپرسانی هەرێم.

7. بوارەکانی ئاسایش و کۆنترۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، خاڵێکی سەرەکیی دیکە بوو کە "فیدان" گەیاندییە بەرپرسانی هەرێم. تورکیا لەم بابەتە زۆر جددییە و تەنانەت لە دوایین سەردانەکەی بۆ عێراق "فیدان" لە بەغدا ڕای گەیاند کە، "پەکەکە" هەوڵی ئەوە دەدات ڕێڕەوێك بۆ خۆی دروست بکات کە تیایدا عێراق بە سووریا ببەستێتەوە. دیارە ئەمەیش نیگەرانی لە لای بەرپرسانی تورکیا دروست کردووە. ئەم ئامانجەی تورکیا، بەبێ عێراق، بەتایبەتتر بەبێ هەرێمی کوردستان ناتوانری جێبەجێ بکرێت. لەم چوارچێوەیەدا سەردانەکەی "فیدان" پەیامی "**هاوکارمان بن لە بواری پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی ناوچە سنوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا**"ی گەیاندۆتە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان.

8. پێکهاتەی تورکمان"یش لە بەرنامەی "فیدان"دا شوێنی خۆی کردبووەوە. "فیدان" جگە لە" بەغدا، لە هەولێریش، بەتایبەت لەگەڵ بەرپرسانی پێکهاتەی تورکمان لە بارەگای بەرەی تورکمانی لە هەولێر کۆ بووەوە[4]. تورکیا بەگشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر پاراستنی مافی پێکهاتەکان دەکات، بەتایبەت پێکهاتەی تورکمان. **بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم جارەیان گوشارێکی زۆر هەیە لەسەر پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان بەهۆی "کورسیی کۆتاکان"ەوە لەلایەن هەندێك لایەنی سیاسیی هەرێم**، بۆیە دەبینین "فیدان" لە ڕێگەی کۆبوونەوەی لەگەڵ تورکمانەکانی هەرێم هەوڵی ئەوەی داوە کە پەیامی "**ڕێز لە مافە ڕەواکانی پێکهاتەکان، بەتایبەت تورکمانەکان، بگرن**"، بگەیەنێتە ئەو لایەنە سیاسییانەی، کە گوشار دەخەنە سەر پێکهاتەکان، بەتایبەت پێکهاتەی تورکمان.

لە کۆتاییدا چاوەڕوان دەکرێت سەردانەکەی "فیدان" ببێتە هاندەرێکی باش بۆ پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان؛ هەروەها لە هەمان کاتدا ئەم سەردانە، ئامادەکارییەکە بۆ سەردانە پێشبینیکراوەکەی "ڕەجەب تەییب ئەردۆغان"، سەرۆککۆماری تورکیا بۆ عێراق. هەرچەندە کێشەکانی نێوان عێراق و تورکیا قووڵن و ئاوا بە چەند سەردانیکردنێك چارەسەر ناکرێن، بەڵام ئەنقەرە پێش ئەنجامدانی ئەم سەردانە، ڕژدە لەسەر ئەوەی لانی کەم هەندێك لە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان ئەنقەرە و بەغدا چارەسەر بکرێن؛ بە شێوەیەك هەرێمی کوردستانیش وەکوو قەوارەیەکی دەستووری لە عێراق، درێژە بە پارێزگاریکردن بدات لە پێگە ستراتیژییەکەی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا. بۆیە پێشبینی دەکرێت ڕادە و شێواز و ئاستی پەیوەندی و هاوکاریی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی هەولێر – بەغدا هەبێت.

[1]. بۆ بینینی لێدوانەکەی "فیدان" دەربارەی پشتیوانیکردن لە سەقامگیریی پایتەختی هەرێمی کوردستان، دەتوانن سەردانی ئەم لینکە بکەن: https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2408202323

[2]. بۆ وردەکاریی زیاتر دەربارەی سەردانەکەی "بایراکتار" دەتوانن سەردانی ئەم لینکە بکەن: وەزیری وزەی تورکیا: لە هەولێرین بۆ گفتوگۆکردن... | رووداو.نێت (rudaw.net).

[3]. بۆ بینینی دەقی لێدوانەکەی "فیدان" لە بەغدا بە زمانی تورکی، دەتوانن لە ڕێگەی ئەم لینکەوە سەردانی ماڵپەڕی فەرمیی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بکەن: https://www.mfa.gov.tr/disisleri-bakani-sayin-hakan-fidan-in-irak-basbakan-yardimcisi-ve-disisleri-bakani-fuad-huseyin-ile-ortak-basin-toplantisi-22-8-2023.tr.mfa.

[4]. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی کۆبوونەوەی "فیدان" لەگەڵ بەرپرسەکانی تورکمان لە هەولێر، دەتوانن سەردانی ئەم لینکە بکەن: https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2408202320.